# سەرەتای سەرهەڵدانی بیرو باوەڕی ئایینی لە چاخەکانی پێش مێژوو لە کوردستان لە ژێر ڕۆشنایی بەڵگە شوێنەواریەکان

(PP 134 - 153)

**ID No. 2388**

https://doi.org/10.21271/zjhs.22.6.10

**دڵگەش ابراهیم حمەشیرین**

زانکۆی کۆیە-فاکلتی پەروەردە-بەشی مێژوو

dlgesibrahim@yahoo.com

**وەگـــــــرتن : 2018/07/25**

**پەسندکردن : 2018/10/04**

**بڵاوکردنەوە : 2018/12/27**

**پوختە**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە, خستنە رووی بەڵگەی شوێنەواری یە, کە لە ئەنجامی کنەو پشکنین و لێکۆڵینەوەی شوێنەواری بەدەست هاتوون لەسەر چۆنیەتی دروست بوونی بیرۆکەی ئایین لە لایەن مرۆڤی کۆن لە ناوچەکانی کوردستان بە دیاری کراوی لە چاخەکانی پێش مێژوو, لە ئەشکەوتی شانەدەرو زاوی چەمی و چەرمۆ و گلێنەکانی سەردەمی سامەراو وێنەی سەر بەرد بناسێنین. هەروەها ئەم توێژینەوە وەك هەوڵێكی زانستیانەیە بۆ دەرکەوتن و پەرەسەندنی بیری ئایینی لە کوردستان.

## پێشەکی

مرۆڤی کۆن لە چاخەکانی پێش مێژوودا هۆی ڕوودانی ڕووداوەکانیان نەدەزانی و پەییان پێ نەدەبردن لەبەر ئەوە گیرۆدەی ترس و دڵەڕاوکێ دەبوون. هەروەك (لۆکرتیوس) دەڵێت ترس دایکی خواکانەو هۆیەك بووە بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ لە بیروباوەڕی ئایینی. (تاج بەخش: 2011, 30).

هەروەها لەسەر ئەو ڕووداو و کارەسات و ئاستەنگانەی لە ژیانی ڕۆژانەی دا ڕوو بەڕوویان بۆتەوە, هیچی نەزانیوە. لەبەر ئەوە زۆر جار ترساوەونیگەران بووەو بۆ دڵنیایی و بەردەوامی و ئاسودەیی و خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە لە مەترسیەکان پەنای بۆ پەرستش بردووە لە زەیین و مێشکی خۆی دا چەند خوایەکی لە مێشکی خۆیدا دروست کردووە. چونکە لەلای مرۆڤی کۆن تەنها ئومێد بە یارمەتی خواکان, بیرو باوەڕی ئایینی لە دایك دەبن. بۆیە, چیاکان, ڕووبارەکان, تاشەبەرد, خۆر, مانگ, هتد.. وەك هەبوونی نهێنی ئامێز ڕازی بووەو هەموو ئەمانەی بە پیرۆز زانیوە. ئەم شێوە بیرکردنەوە ئایینی یەی سەبارەت بە هەندێك ئاژەڵیش هەیبووە ئەویش لەوەوە هاتووە کەلەگەڵ کۆمەڵێکیان وەك بوونەوەری پیرۆز ڕەفتار بکات و پێی وابێ کە هەریەکەیەکیان هێزو توانایەکی لە ڕادەبەدەری هەیە. نەزانین و نیگەرانیشی سەبارەت بە ڕوودانی ڕووداوەکان و نەبوونی زانیاری و بێ ئاگابوون لە هێزو توانای سرووشت و توخمە جۆراو جۆرەکان, بووەتە هۆی پەیدابوونی بیروباوەڕی ئایینی. ( تاج بەخش: , 31, 35).

لە چاخە کۆنەکاندا مرۆڤ هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئاژەڵەکان بەتایبەتی دڕندەو کێویەکان نەدەکرد, بەڵکو بەمەبەستی بەدەست هێنانی خۆراك. یان بۆئەوەی خۆی لە مەترسیەکانی بپارێزێت, ڕاوی دەکردن. لەراستیدا پەرەسەندنی مێشك و گەشەکردنی لایەنی ڕۆحی و دەرونی مرۆڤ, وای کرد کەبەترسەوە بڕوانێتە ئەم ئاژەڵانەو تەنانەت پیرۆزیشیان بکات. لە مامەڵە کردنیش لەگەڵیاندا هەندێ جار دوورو هەندێ جار نزیك بوون, ئەو بە حوکمی دڕندەیی و زۆر جاریش بە حوکمی گەورەیی قەبارەی, دووربووە لێ ی, هەندێ جاریش ڕاوی کردووە نزیك بووە لێ ی. لەنێوان ئەم دووری و نزیکیە هەستی ئایینی گەشەی کرد. (الماجدی: 37).

بە چاوخشاندنەوە بە سیمای گەشەکردنی سەرەتای بیری ئایینی, لەرێگای دۆزراوە کۆنەکان لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستان دەردەکەوێت کە کوردستان نشینان بە درێژایی هەزاران ساڵ ڕۆڵێکی پێشەنگیان لە مێژووی مرۆڤایەتی دا بینیوە. (ئەلیوسف: , 36).

بۆ نمونه ئاگر وەك هێزێكی ئایینی هەستی مرۆڤی لە چاخە كۆنەكاندا جوڵاند. چونكە بناغەی بیری ئایینی دەركەوتنی پیرۆزییە, لەوانەیە سەرەتاكەی لە ئاگرەوە دەستی پێكردبێت. چونكە ئاگر لە هەموو دیاردەكانی تر جیاواز بووە كە مرۆڤ بینیویەتی. بۆیە لە یەكەم بەریەككەوتن لەگەڵیدا پیرۆزی كردووە. لەم بەریەككەوتنەش ئاماژەی بۆ ترس و سەرسوڕمان و جوانی بەخشینەر بۆ مرۆڤ بەدیدەكرێت, مرۆڤەكان تەنها هەستیان بە بینینی نەكردووە وەك رۆژو مانگ, بەڵكو بەكاری دەهێناو لێ ی نزیك دەبوونەوە, گەرمی پێ دەبەخشی, بە دەگمەن لە سرووشتی ئەوسەردەمەدا دەتوانرا هاوشێوەی ببینرێت. (خزعل, 36).

بە تێپەڕ بوونی كات بەتایبەتی لە پێدەشتەكانی باشوری شاخی تۆرۆس كە سەردەمەكەیان بۆ سەدان ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە, دۆزینەوەی گۆڕی مردووەكان و تێبینی كردنی ناشتنیان لەدەرەوەی شوێنی نیشتەجێ بوون و بەتەنیا هێشتنەوەی گەللەی سەری مردووەكان لە نزیك ئاگردان بە شاردراوەیی یەكەم ئاماژەیە بۆ بیروز كردنی ئاگرو شوێن گرتنی لە بیروباوەڕی ئاینییان دا, ناشتنی كاپۆڵەكانیش بە تەنها لە نزیك ئاگردانەكان, جیا لە لاشەكان بەڵگەیەكی ترە لەسەر پەرستنی گیانی پێشینان. ( ئەلیوسف:, 36, 37).

بۆ ئەوەی بە ووردی تیشك بخرێتە سەر بابەتی ئایین لە كوردستان و سەرەتاكانی سەرهەڵدانی بیری ئایینی پێویستە لا لە ئاماژە و نیشانەكانی پەرستن و رێوڕەسمی ئایینی ناو شوێنەوارە دێرینەكان بكرێتەوە كە ریزكردنیان بەم شێوەیەی خورەوە بە پەسەند زانراوە.

**تەوەری یەكەم**

**بەڵگەو نیشانە سەرەتاییەكان لەسەر بیروباوەڕی ئایینی**

ئەشكەوتی شانەدەر. شێوەی ژ (1) دەكەوێتە باكوری رۆژهەڵاتی باشوری كوردستان لەسەر زنجیرە چیاكانی زاگرۆس, لە ناوچەی برادۆست نزیك رووباری زێی گەورە لە كوردستانی عێراق. لە ساڵی (1957-1961) لە لایەن تیمێكی سەر بە زانكۆی كۆلومبیا بەسەرپەرشتی شوێنەوارناس رالف سۆلیكی كنەو پشكنینی تێدا ئەنجام درا (Solecki, 1975.880) شێوەی ژ(٢) ئەم ئەشكەوتە دەكەوێتە قەزای مێرگەسۆر, بەیەكێك لە گەورەترین و كۆنترین ئەشكەوتەكانی ناوچەكە هەژمار دەكرێت. (112) كلم لە پارێزگای هەولێرەوە دوورە. (باقر, سفر, 1966. 17).

گرنگی شانەدەر لەدوای لێكۆڵینەوەكانی پسپۆڕی بواری ئاینەكانی چاخی دەكرێت هەندێك نمونە لە خۆڵی ئەشكەوتەكە كرد, لە ئەنجامدا تۆیەكی زۆری گوڵی دۆزیەوە . كە لە تەنیشت و پشتی ئێسكە پەیكەرەكان دانرابوو. (Gourhan, 1975, 563.), ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات كە مرۆڤی شانەدەر گوڵیان لەسەر جەستەی مردوو داناوە ئەمەش وەك ئاماژەیەكە بۆ بیری ئایینی و رێو ڕەسمی ناشتن كە تا ئێستاش پەیڕەو دەكرێت. واش سەلمێنراوە كە ئەم گوڵانە بە مەبەست بەشێوەیەكی رێكخراو دانراون, ئەو جۆرە گوڵانە هەر لە كۆنەوە بۆ چارەسەركردن بەكار هاتوون. .(Solecki, 1975.881 ) وەك لە هەندێك سەرچاوەدا هاتووە كە گواستنەوەی تۆی ئەم گوڵانە لە رێی گیاندارانەوە ئەنجامدراوە. (Klein, ,2002, 194).

پێدەچێت ناشتنی مردووەكان لە ئەشكەوتی شانەدەر بە پێی رێوڕەسمێك و بە شێوەی گرمۆڵە (قرفصاء) چەماوە, واتا منداڵ لە نێو سكی دایكی نێژراوە.( Louwe, 1989. 324.) سەری بەشێوەیەكی رێك لەسەر كۆمەڵێك گوڵ دانراوە. ئەوەی جێی سەرنجە هەڵساون بە دانانی كۆمەڵێك گوڵ لەسەر لاشەی مردووەكە. دۆزینەوەی تۆوی چارەسەریش لە ناو گۆڕ لەگەڵ ئێسكە پەیكەرەكان و دانانی گوڵ لەسەر جەستەی مردوو لە ناو گۆڕ, خۆی لە خۆیدا جێ بەجێ كردنی هەندێ رێو رەسمی ئاینی و رۆحی یە. هەروەها دانانیشی لە ناو گۆڕ بەشێكە لەو رێو ڕەسمە. (ئامێدی83, 84,86 :2007 ,, A). لە راستیدا ئەمەش شێوازێكە لە پابەند بوونی مرۆڤ بە لایەنی ئایینی كە لە زۆر لە شارستانیەتیەكان بە درێژایی چاخەكانی پێش مێژوو لەبەر چاو گیراوە.

مرۆڤی شانەدەر بەپێ ی لێكۆڵینەوەكان, بۆ لە گۆڕنانی مردووەكانیان, هەشت جۆر گوڵیان بەكارهێناوە, راخەری گوڵینیان بۆ مرۆڤەكان راخستووە, بە گوڵ دایان پۆشیون. (رسول:6). بەپێی ئەنجامەكانی كاربۆن 14 دەركەوتووە كە مرۆڤی نیاندەرتال بەر لە پەنجا هەزار ساڵ لە ئەشكەوتی شانەدەر لە گۆڕ نراون. (گورهان: 2009: 579).

لەناو ئەو كۆمەڵە مرۆڤەی ئەو سەردەمە , بە بەراورد لەگەڵ مرۆڤی پێش خۆیان و بە بەڵگەی ئەوەی لە لایەنی تەكنیكی چەند ئامێرێكی ئاڵۆزیان لە دار و ئێسقان دروست كردووە. بەجۆرێك لە پێشكەوتن گەیشتوون. هەروەها لە لایەنی رۆحی تایبەتمەندیان سەبارەت بە دیاردەی مردن دەردەكەوێت. كە دیاردەیەكە دەرباز بوونی نی یە. بەتایبەتیش كە ئەوان لاشەی مردووەكانیان بە

نەنێژراوی بەجێ نەهێشتووە تا دەرزێ, یان ئاژەڵ و باڵندەی گۆشت خۆر بیخۆن. لێرەوە دەبینین پێشكەوتنی بیر و هۆش دەردەكەوێت. (خلیفه, 2011, 15).

ناشتنی مردوو بە ئاراستەی رۆژهەڵات, وەك ئاماژە بۆ كاریگەری دەركەوتنی خۆرو جوڵەی لەسەر بیركردنەوەی مرۆڤ و ئەنجامدانی رێورەسمی گوڵ, بەڵگەن لەسەر پەرەسەندنی بیری ئایینی مرۆڤ بە ئاراستەیەكی روحی و دینی نوێ لە چاخە كۆنەكاندا. (الماجدی:1997. 40).

هەروەها لەئەنجامی كنەو پشكنینی شوێنەوارناسان كۆمەڵێك گۆڕ دۆزراونەتەوە لەگەڵ كەل و پە ل و بەردی بە نرخ لە ژێر زەوی ناو ئەشكەوتەكان كە ئەمانە شیكردنەوەی سەرەتایی دەركەوتنی بیری ئایینی بۆ دەكرێت, هەروەها بوونی بیروباوەڕی زیندووبوونەوەی دوای مەرگ لەلایەن مرۆڤی ئەشكەوتەكان ئەمەش مانای ئەوەیە كە رۆح جارێكی تر دەگەڕێتەوە بۆ ناو جەستەو چالاكی ژیانی دووەمی دەست پێ دەكات (ابراهیم, 107 :A,2003).

لە ساڵی ٢٠١٤ كاری كنەو پشكنین دووبارە لە ئەشكەوتی شانەدەر دەستی پێكردەوە, لە ئەنجامدا پارچە توێكڵێكی لوول پێچ ( land snail) دۆزرایەوە, كە لەسەر ئەم لوول پێچە كۆمەڵێك هێڵی راست و یەكتربڕ شێوەی پیتی (v) تێدا كێشراوە. دەردەكەوێت كە پەیوەندی بە بیروباوەری ئاینیەوە هەبوویێت یان بۆ مەبەستێكی جادوگەری ئەم هێڵكاریە لەسەر ئەم لوول پێچە كێشراوە, مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی كۆنی ناوەڕاست. (امین, 45, 2018). شێوەی ژ(3)

پێدەچێ مرۆڤی نیاندەرتاڵ كۆنترین جۆری مرۆڤ بووبێ كە هەستی بە دیاردەی مردن كردبێ بۆیە لە ژێر كاریگەری ئەم بابەتە دا, لە سۆنگەی رێز لێنان و دروست بوونی سەرەتای بیرۆكەی ئایینی هەڵساوە بە ئەنجامدانی جۆرێك لە كارو چالاكی, دەكرێت بخرێتە خانەی رێورەسمی ئایینی بەتایبەتی رێورەسمی ناشتنی مردوو, دانانی كەل و پەلیش لە گەڵ مردوو واتا پەرەسەندنی بیر و هەست كردنی رۆحی بە پێی جیاوازی شوێنەكان دەگەیەنێ. (ئامێدی, 84 ,A, 2007).

ئەوان تێڕوانینی یەكەم مرۆڤ بوون كە رەگی بیروباوەڕی ئایینیان هەبووە لە ئەشكەوتی شانەدەریش هەندێ بیرو تێڕوانینی تایبەت بە بیرو باوەڕی ئایینی وەك بابەتی مردن هەبووە. شی كردنەوەشی بوو بە بنەمایەكی سەرەكی وێناكردن و گەشەی بیركردنەوەی ئەو مرۆڤە .(ابراهیم: 106 :A, 2003).

ئەنجامەكانی كنەو پشكنینی شوێنەواری ئاماژە بەوە دەدات كە بیری ئایینی لە كوردستان و ئەشكەوتی شانەدەرەوە دەركەوتووەو وورده وورده پەرەی سەندووە. هەروەها ناشتنی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤی شانەدەر كە هاوسەردەمی نیاندەرتالەكانی ئەوروپا بوون بە گرنگترن نیشانەی پێشكەوتنی ئایینی دادەندرێت.

**تەوەری دووەم**

**زاوی چەمی, یەكەم نیشینگەو رێورەسمی باڵندەی گۆشتخۆر**

زاوی چەمی, بە یەكێك لە نشینگەكانی قۆناغی گواستنەوە هەژمار دەكرێت, مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست. ئەویش وێنای كۆنترین گوندی كشتوكاڵیمان بۆ دەكات لەو كاتەی كە مرۆڤ فێری چاندن و ماڵی كردنی ئاژەڵ بوو. دوای ئەوەی ئەشكەوتەكانی جێهێشت ئەو نشینگانەی بۆخۆی دروست كرد. بێ گومان ئەمەش بە وەرچەرخانێكی گەورە دادەندرێت چونكە لە قۆناغی ئەشكەوت و كۆكردنەوەی خۆراكەوە هەنگاوی نا بۆ قۆناغی نیشتە جێ بوون و بەخێوكردنی ئاژەڵ و كشتوكاڵ كردن.

شوێنی جوگرافی زاوی چەمی لە دۆڵێكە بە ناوی شانەدەر, ئەم ناوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەشكەوتی شانەدەر كە دەكەوێتە زنجیرە چیاكانی زاگرۆس, ..(Braidwod, 1960.128 ) 4 كیلۆمەتر لە بەری چەپی ئەشكەوتی شانەدەر بە دووری 95 مەتر لە كەناری زێی گەورە هەڵكەوتووە. لە لایەن رالف سلوكی كنەو پشكنینی بۆكراوە. بە كۆنترین شوێنی نیشتە جێ بوون لە كوردستان و یەكەم نشینگە لەو جۆرە لە جیهاندا دادەندرێت. (باقر, B، 209 .2009).

شوێنەواری قۆناغی زاوی چەمی شانەدەر لە كوردستان كە مێژووەكەی بۆ هەزارەی دەیەمی پێش زایینی دەگەڕێتەوە. باشترین شوێنەواری كەڵەكە بووی ئێسكی بزن و باڵندەی جۆراوجۆری تێدایە. لە باڵندە گۆشت خۆرەكانیش هەڵۆ و داڵی تێدایە. (Rose, . 42 ,A, 1977 ).

هەروەها دەركەوتووە كە بزن یەكەم ئاژەڵە ماڵی كراوە لە دوای سەگ, دواتر مەڕو مانگا.وە چەند ئێسكە پەیكەرێك لە چینەكانی سەرەوەی ئەشكەوتی شانەدەر دۆزراوەتەوە كە هاوچەرخە لەگەڵ زاوی چەمی. (باقر, A الرحله الخامسه,1966: 20).

زۆربەی سەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەدەن كە ئەشكەوتی شانەدەر نشینگەیەكی زستانە بووە, واوی چەمیش بارەگای هاوینەیان بووە, لەم نشینگەیەدا ژمارەیەك گۆر هەیە ئەوانەش گۆری خەڵكی زاوی چەمین. لەناویاندا كەل و پەل و پێداویستی هەن كە بەڵگەی گرنگن, (باقر, B، 2009، 211).

ئەم بەڵگە ماددییانە لە چینی B1 كە هاوسەردەمی چینی B لە گوندی زاوی چەمی دۆزراوەتەوە پێشبینیش دەكرێت ناوی زاوی چەمی شانەدەر بۆ ئەوە بگەڕێتەوە. (Solecki, rose, 1961. 124).

هەروەها لە ئەنجامی پشكنینی شوێنەواری دەركەوتووە لە چینی B ڕێوڕەسمێكی تایبەت بە ناشتنیان هەبووە . شێوەی ژ (4) ئەویش ناشتنی تاك و بە كۆمەڵیان هەبووە هەروەها منداڵەكانیشیان لە تەنیشت دایكیان ناشتووە. (Solecki, 1980.12).

دانانی كەل و پەل و پێداویستی مرۆڤ لە گۆر لە هەموو شارستانیەتیەكان واتا بروا بوون بە زیندوو بونەوەی دوای مەرگ. بۆ ئەوەی لە جیهانی دوای مەرگ ئەو كەل و پەلانە بەكار بهێنێت.

پاش ئەوەی مرۆڤ ئەشكەوتی جێهێشت و لە نشینگەكان نیشتەجێ بوو, گۆڕانكاری گەورەی لە بوارەكانی ژیاندا روویان دا بەتایبەتی لە بواری ئابوری و كۆمەلأیەتی بە خۆوە بینی ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت دۆزینەوەی هەندێ جۆر كەل و پەل و پێداویستی تایبەت بەمردووەكە لە گوندی زاوی چەمی دۆزراوەتەوە. بەتێپەڕ بوونی كاتیش هەندێ لە هێز شوێنێكی دیاریان لە سروشتی بیروباوەڕی ئاینی داگیركرد. ئەمەش بەهۆی ئەوە بوو كە كاریگەری راستەوخۆی لەسەر چالاكی مرۆڤەكان هەبوو, لەهەمان كات دا سەرچاوەی ژیانیان بوو, وەكو مانگ, رۆژ, زەوی, باران, لافاو, زۆر شتی تر لە دیاردە سروشتی یەكان. لێرەوە بیروباوەڕی ئاینی و دیاردەی سروشتی سەرچاوەی گرت و بوو بە بنەمایە ك بۆی. (ابراهیم, 107, 2003, A).

بەم شێوەیە مرۆڤەكانی ئەم سەردەمە زۆربەی كاتەكانی ساڵ لە نشینگەی زاوی چەمی ژیاون, بەڵام پێدەچێت دانیشتوانی نشینگەی زاوی چەمی لە كاتی زستاندا گەڕابنەوە ئەشكەوتی شانەدەر. هەر لەم سەردەمەشدا بۆ یەكەم جار بەڕێوەچونی ڕێوڕەسمی ناشتنی باڵندە گۆشتخۆرەكان لە دەوری ئاگردانێكدا لە زاوی چەمی بەدیكراوە كە حەڤدە باڵندە لە دوای راوكردن لە ڕێوڕەسمێكدا باڵەكانیان بۆ ئەو ڕێوڕەسمە بەكارهێنرا بوو. ( زاموا: 2009. 529 ).

ئەگەر سەرنج بدرێتە ئێسكی ئەو ئاژەڵانەی لە زاوی چەمی دۆزراوەتەوە دەردەكەوێت كە زۆربەی ئێسكی باڵی باڵندەی گۆشتخۆرن, لێكۆڵینەوەی ئێسكەكان بەڵگەیەك نادەنە دەستەوە كە گۆشتەكە وەكو ژەمە خواردنی ئاسایی یان بۆ ئاهەنگێك بەكار هاتبێت. هیچ شوێنەوارێكی سوتان یان كولان یان شوێن ددان دەرناكەوێت.بۆیە پێدەچێت بۆ خواردن بەكار نەهاتبێت. (رۆژ,2005. 30). بەڵكو بۆ ڕێوڕەسمێكی تایبەت بەم نشینگەیە بەكار هاتووە.

زۆربەی هەرە زۆر ی ئێسكەكان ئێسكی باڵندەی باڵدارن, كە شوێنەواری بڕین و داماڵینی گۆشتی پێوە دیارە ئەمەش ئاماژەیە بە بڕین و لادانی بەشێك نەك هەموو بەشی باڵندەكە. جێگای ئاماژەیە دەردەكەوێت كە ئەم كردارە زۆر بە ووردی كرابێت. ئەم ئێسكانە لە چاڵێك دانراوە بە شێوەیەكی رێكخراو. ئەمەش ئاماژەیە بە جۆرێك لە پیرۆزی یان رێو ڕەسمێكی تایبەت بە دانیشتوانی ئەم نشینگەیە بۆ هەندێك جۆری ئاژەڵ. ( . Solecki 1980 16,17).

مرۆڤی كۆن سەرنجی تایبەتی دەدایە ئەو باڵندە گەورە گۆشت خۆرانە كە دەفڕن بە ئاسماندا, وەك هێمایەك بۆ هێزو تواناو مانەوەی لە ئاسماندا و پەلامادانی ئەمانە رادەماو هێزی لە سروشت بەدەری دەدانە پاڵ لە بۆ ماوەیەكی زۆرو چاودێری كردنی نێچیرەكەی, تا راوی دەكات بۆیە دەبینین مرۆڤی زاوی چەمی هێزێكی لە رادە بەدەری بەخشیوەتە باڵندەی گەورەو گۆشتخۆر. تەنانەت بە پیرۆزیشی داناوە. پاشماوە ئاژەڵیەكانی شوێنەواری زاوی چەمی بەڵگەی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمێكی تایبەتە.چونكە بە پێی ئەوبەڵگانەو ئەوانەش كە لە شانەدەری دۆزراونەتەوە لەگەڵ بەڵگە ئاركیۆلۆجی و ئینتۆگرافیەكان دەریدەخەن كە تەنها هەندێك بەشی لاشەی بزن و باڵندەكان لەم شوێنە دانراون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە دانیشتوانەكان تەنها بایەخیان بەو بەشە داوە كە بەكاریان هێناوە. دۆزینەوەی پانزە كەللە سەری بزن و باڵی حەڤدە باڵندەی گۆشتخۆریش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ئەوانە بۆ مەبەستێك یان نەریتێكی تایبەت بە ڕێوڕەسمی ئاینی بەكارهاتووە. ئەگەر لەگەڵ دیمەنێكی سەر دیواربەندی گۆڕێكی چەتاڵ هیوك, شێوەی ژ (5), بەراووردی بكەین كە تیایدا وێنەی مرۆڤێك نیشان دەدات كە كەوڵی هەڵۆی پۆشیوە, لەوە دەچێت بەشداری ڕێوڕەسمی ناشتن بكات, یان ئەو سەرە گاو سەرە بەرانانەش لە گۆڕێكی چەتاڵ هیوك بەساغی و تێكنەچووی دۆزراوەتەوە, وێنەی هەڵۆكان بە دیوارەكانیەوە بوو, رێی تێدەچێت سەرە بزن و ئێسكی باڵەكانی دۆزراوەتەوە لە زاوی چەمیش بۆ هەمان رێو رەسم بەكار هاتبێت. (رۆژ, 2005. 35, 36) .

**تەوەری سێیەم**

**نیشانەکانی پەرستن و بیروباوەڕی ئایینی لە چاخی بەردینی ناوەڕاست,١- لە نەخش و وێنەکانی سەر بەرد, دیمەنی سیحری و ئەندازەیی**

دەرکەوتنی نوسین و وێنە کێشان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان کە مرۆڤی کۆن وەك لانە تیایدا ژیاون, دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی کۆن. لە ناو ئەو وێنەو نوسینە سادانەدا کە مرۆڤەکان کێشاویانن دەبینین بیری پەرستنیان تێدایە. بە زۆری لە شێوەی ئاژەڵدا کێشراون, کە خاوەن هێزن, یان نیشانەن بۆ بەپیتی وەك شێرو گا. لەبەر ئەوە ناتوانرێت بە هیچ شێوەیەك بە ووردی کاتی دەرکەوتنی بڕوا بوون بە خودایی هەندێك ئاژەڵی چواردەوری دیاری بکرێت. ئەشێ ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو کاتانەدا, مرۆڤ توانای نووسین و تۆماری بیروباوەڕی خۆی نەبووە. لەبەر ئەوە ئەم وێنە سادانە تەنها بەڵگەن بۆ زانینی بیروباوەڕی مرۆڤەکان.

دوای ئەوەی مرۆڤ چووە ناو چاخە بەردینەکان, دەستی کرد بە دروست کردنی شوێنی جێگیر, نیشتەجێ بوو, چالاکی ڕۆژانەی لەگەڵ شوێن دەستی لە شارستانیەت یەکانگیر بوو. دەستی کرد بە وێنەکێشانی ئەو ئاژەڵانەی لە دەوروبەریان دەژیان, هەروەها وێنەی مرۆڤ و رووەکە جۆراوجۆرەکان. لەم پێشکەوتنە بەرچاوەشدا ئەم مرۆڤە, هەستی بە پێویستی ڕێکخستن و دابین کردنی پێداویستیە گرنگەکانی ڕۆژانەی کردووە. مرۆڤی کۆن لەسەر ئەم خاکە هەر لە کۆنەوە بزن و کەڵە کێوی ناسیوە و وێنای کردوون. ئەم گیاندارە شوێنێکی گرنگی داگیر کردووە هەم لە لایەنی ئابووری هەم لە لایەنی ئایینی پیرۆز کراوە. پاشماوەی ئێسکی ئەم ئاژەڵە لە ئەشکەوتی شانەدەر دۆزراوەتەوە.

**هونەری سەر بەرد**

وێنەی سەر بەرد یەکێکە لە کۆنترین ئەو هونەرانەی کە مرۆڤ لەسەردەمە زووەکان خۆی پێوە خەریك کردووە.. (عبدالوهاب,49). مرۆڤی کۆن کاری هونەری زۆری بۆ بەجێهێشتوین لە وێنەو هەڵکۆڵین لە ئەشکەوت و پەناگەکان لە ناوچە جیاجیاکانی جیهانی کۆن ئەو کاتەی مرۆڤ کە لە ئەشکەوتەکان ژیانی بەسەر دەبرد, ویستویەتی لە ڕێگەی هونەرەوە پەیامێکی گرنگ تۆمار بکات لەسەر ئەو رووداوو هەڕەشەو مەترسیانەی کە روو بەرووی بۆتەوە. (عبدالله, ٣١). مرۆڤی کۆن بڕوای وابوو بە تۆمارکردنی ئەو هێما سیحری و ئاینیانە پێی وابوو دەپارێزێت. لە ترس و هەڕەشەکانی کە سروشت دروستی دەکەن. وە دەتوانێت کۆنترۆڵی مەترسی و هەڕەشەکان بکات.

لە تۆمارکردنی ئەم وێنانە ئاماژە دان بووە بە چیرۆکێکی ئایینی. لە ئایینە کۆنەکاندا ئاژەڵ یان رووەك, وەك هێمای هێزە سروشتیەکان پەرستراوەو لایان پیرۆز بووە. لە کاتێکدا خەڵکە سەرەتایی یەکان وایان دەبینی کە ئەمانە یارمەتیدەرن دژی کارەساتە سروشتی یەکانی وەك (لافاو, بومەلەرزە, بای بەهێز,...). لەبە ئەوەی بزن ئاژەڵێکی سەرەکی بووە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە بواری ئابووری کۆمەڵگای ئەو کاتە. لە بەرئەوە دەبینین لە ناو دیمەنەکان دووبارەر بۆتەوە. زۆربەی ئەو دیمەنەنانەی کە لەسەر بەرد تۆمارکراون, گوزارشت لە چیرۆکێك یان رووداوێکی دیاریکراو کردووە. ئەو کەسەی دروستی کردووە مەبەستی تۆمارکردنی بووە لەسەر رووی بەردێك, کە لەوانەیە ناوەرۆکی پەیوەندی بەلایەنی ئایینی یان سیحرییەوە هەبووبێت. تۆمار کردنی ئەم وێنانە لە ژێر کاریگەری ئەو بیرۆکەیە بووە کە مرۆڤ ڕۆژانی زوو هەیبووە, کە پەیوەندی بە سرووشت, ژیانی رۆژانە, ئایین, لایەنی سیحرییەوە هەبووە. ئەو کاتەی مرۆڤ لە رووی فکری و ئایینی یەوە گەشەی کرد, ئەوا هێمای جۆراوجۆری ئایینی لە هونەری سەربەرد بەدەرکەوت.(عبدالوهاب.(2, 71, 72, 78).

**بەڵگەی ئایینی لە وێنەی سەر بەرد لە شوێنەواری ئەحمەد بڕندە..**

سەردەمی ئەم شوێنەوارە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست بۆ (15000-10000) ساڵ پ.ز. لە گوندی ئەحمەد بڕندە دۆزراوەتەوە کە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی, قەزای سەید سادق سەر بە ناحیەی وارماوە هەڵکەوتووە. ئەم وێنانە بە کۆنترین کاری مرۆڤ دادەندرێن لە باشوری کوردستان کە تا ئێستا دۆزرابێتەوە. وێنەکان بە شێوازێك کێشراوە کە پەیوەندی بە باوەڕی راوچیەکانی چاخی بەردینەوە هەیە. وێنەی ئاژەڵەکانیان بە شاخی گەورەوە دەکێشا, بۆ ئەوەی وا نیشان بدەن کە ئەوان توانای راوکردنی ئاژەڵی بەهێزی لەو جۆرەیان هەیە. کە پێی دەوترێت راوکردنی سیحری بەرهەم هێن. تا ئێستاش شاخی ئاژەڵی راوکراو بە پێشی ماڵەکانەوە هەڵدەواسرێت بۆ پاراستنی لە چاوی پیس, هەروەها شانازیەکیشە بۆ ئەو کەسەی کە راوی کردووە.

هەروەها وێنەکَشانی ئەو ئاژەڵانە هاندەرێك بوو بۆ زاڵ بوون بەسەریان داو راوکردنیان بە شێوەیەکی ئاسانتر. ( دڵشاد زاموا: سوبارتو, ل 63,64,65 ).

**وێنەی سەر بەرد لە گوندی گوڵان**

شوێنەواری ئەم گوندە دەکەوێتە باشوری رۆژهەڵاتی شاری سلێمانی, لە گوندی گوڵان.
ئەمەش گرنگی ئەم ناوچەیەمان بۆ دەردەخات کە هەر لە کۆنەوە مرۆڤەکان ئەم شوێنەیان وەکو شوێنێکی تایبەت بە ڕێوڕەسمی سیحری ڕاوکردن (ڕێسای سحری زاڵ بوون بەسەر وێنەی شتێك دەتگەیەنێتە زاڵ بوون بەسەر شتەکە خۆی).
(زاموا: ۲۰۱۱, 5,7,8,10,11).

**ئەشکەوتی زارگەلی**

لەم ئەشکەوتە کە دەکەوێتە دەروازەی گەلی عەلی بەگ, کۆمەڵێك شێوە فنجان شێوەی ژ (9), دۆزراوەتەوەژمارەیان (44) دانەیە, و بۆ دیاری کردنی کات, و دیاریکردنی ئاراستەکان, وێنەی گەردونی, مەڕاسیمی ئایینی بەکار هاتوون. (عبدالوهاب: ل,ل, 37,38,39 ).

**سەکران**

هەرچی دیمەنەکانی دۆڵی سەکرانە, هەڵکەوتووە لە ڕووی شێوازی دروست کردن, لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە, لە دیمەنەکانی تر جیاوازن و تیایاندا وێنەی ئامێری رم دەبینرێت کە لە سەردەمەکانی دواتر لە لایەن مرۆڤ بۆ ئامانجی نزیك بەکار هاتووە. ( عبدالوهاب: 87). هەروەها تێبینیش دەکرێت لایەنی فکری لە وێنەکانی سەر بەرد لە دۆڵی سەکران گەشەی کردبێ بە تایبەت, چونکە لە یەکێك لە دیمەنەکان هێمایەك دەبیندرێت کە لەوانەیە هێمایەکی ئایینی بێت. مێژووی ئەم دیمەنانە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای چاخی بەردینی نوێ. وێنەی ژ (10, 11).

**ئێنێ**

بەڵام دیمەنەکان کە لە شوێنەواری گوندی ئێنێ هەڵکەوتووە, پێشکەوتووترن چونکە تیایاندا وێنەی وەکو نەخشەی خانووبەرە یاخود پەرستگای ئایینی دەردەکەوێت, لەگەڵیشی دا وێنەی ئاژەڵ دیارە کە لە دیمەنەکانی ناوچەکانی پێشوو هەبوون. شێوەی ژ (13,12), کە ئەم هێمایانە بەشێکیان گوزارشت لە هێمای ئایینی و هێمای ئاراستەکان دەکەن, ئەمەش پێشکەوتنی بیروڕاو فکری ئایینی دەردەخەن. (عبدالوهاب:47, 86).

**تەوەری چوارەم چاخی بەردینی نوێ و شێوازی پەرستن و ڕێو رەسمی ئایینی گوندەکان و ڕێورەسمی ئاینی کشتوکاڵ و خواوەندی مێینە.**

ژینگەی سرووشتی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر زۆربەی لایەنەکان بەگشتی و, چالاکیەکانی مرۆڤ و لایەنی ئایینی و بیروباوەڕی ئاینی بە تایبەت بە نیشتەجێ بوونی مرۆڤ و جێگیر بوونی لە نشینگەو گوندە کشتوکاڵیەکان, دەستی کرد بە کشتوکاڵ کردن بەمە گوندێکی سەرەتایی دروست کرد, ئەم نیشتەجێ بوونە وای کرد کە سەرنج بدات و بەدواداچوون بکات بۆ دیاردە سروشتییەکانی وەك, دەرکەوتنی خۆرو ئاوا بوونی و, ڕوودانی لافاوو باران. ئەمەش وای کرد کەوا بیر لە پەنهان و هێزە سەروو سروشتی یەکان بکاتەوە, لێرەدا دەپیرسی, هەموو ئێوارەیەك رۆژ بۆ کوێ دەچێت؟ هەورو بروسکەو باران چ هێزێکی لە پشتە؟ هەموو ئەم پرسیارو بیرکردنەوانە بوو بە سەرەتای چەکەرەکردنی بیری ئایینی کە وورده وورده پێشکەوتن و گەورەبوون و کامڵ بوونی بەخۆیەوە بینی.

لەهەزارەی هەشتەم و حەوتەمی پێش زایینی لە ئەنجامی کنەو پشکنینی شوێنەواری, زانایان نشینگەیەکی کشتوکاڵیان لە چەرمۆ دۆزیەوە کە سەردەمی دەستپێکردنی قۆناغی گوندی کشتوکاڵییە. (بارندر,1990, 11).

کشتوکاڵ کردن گەورەترین دۆزینەوە بوو کە مرۆڤ زانی, دوای ئەوەش ئاژەڵ ماڵی کرا کە ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر پەرەسەندنی کشتوکاڵ و گەشەکردنی, یەکەم هەنگاوی نوێش لە دوای کشتوکاڵ کردن زۆر بوون و نیشتە جێ بوون بوو گوندی لێَ پێك دەهات کە دواتر دەرکەوتنی خانووی بە شێوەیەکی فراوان بەدوای خۆیدا هێنا. (الماجدی, 1: 77).

لەم سەردەمە کشتوکاڵ کۆڵەگەی سەرەکی ژیان بوو. زۆربەی ئەو کەل و پەلانەی کە بۆ کاری رۆژانە بەکار دەهێنران لە بەرد دروست کرابوو. وادیارە لەم سەردەمە گوندەکان لە خێزان پێك هاتوون. (فرانکفورت, 1980. 149).

لە شوێنەواری چەرمۆ دەردەكەوێت كە دانیشتوانەكەی ئەم گوندە مردووەكانیان لە ژێر خانووەكان ناشتووە شێوەی ژ (14)، بۆ ئەم مەبەستەش چاڵیان لە ژێر خانووەكان لێداوە.لەوەشەوە تێبینی ژیانێكی ئایینی دەكرێت، واش مەزەندە كراوە كە گوندی چەرمۆ كۆنترین گوندی كشتوكاڵی یە لە چاخی بەردینی نوێ. لەم سەردەمە هەر خێزانەو بەرهەمی خۆی بۆخۆی بەدەست هێناوە. (باقر, 2009, 220).

هەر بۆیە رێوڕەسمی چالاكی ئایینی كە پەیوەستە بە كشتوكاڵ، كە بوو بە سەرچاوەیەكی سەرەكی ئابوری بۆ مرۆڤ بەڕێوە چووە. لەم چاخەدا مرۆڤ بەڕادەیەك لە زەوی و توانستی لەبەرهەمم هێنان و وەك سەرچاوەیەكی سەرەكی بۆ پیتان و زۆربوون تەماشای كردووە تا وای لێهاتوە بە پیرۆزی بزانێ و رێوڕەسمی تایبەتی ئیتنی بۆ ئەنجام بدات، دواتر كشتوكاڵ بوو بە بنەمایەكی سەرەكی كە تیایدا بیروباوەڕی ئاینی گەشەی كرد و لەم سەردەمەدا پێشكەوتنی بەخۆوە بینی. لە ئەنجامی ئەم پێشكەوتنەش، نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لە نشینگەكان و كشتوكاڵ كردن و ماڵی كردنی كشتوكاڵ، هەروەها بیری پەرستنی خواوەند لەسەر شێوەی مرۆڤ و ئاژەڵ بە شێوەیەكی فراوان دەركەوت. بە شێوەیەك كە جێگای سەرنج بوو بەتایبەتی خواوەندی دایك , لێرەدا دەبینین بیری پەرستنی خواوەند دۆزرایەوە بەشێوەی مرۆڤ و ئاژەڵ دۆزرایەوە كە ئەمەش بەڵگەیە لە سەر بیروباوەڕی ئایینی بەشێوەیەكی روون. (ابراهیم,A: 109,106,108).

لەم سەردەمەدا كۆمەڵێك بوكەڵەی قورین لە شێوەی خواوەند وێنا كراون لەحاڵەتی دانیشتن دایە شێوەی ژ (15)، ئەندامی مێینەیان بەشێوەەكی دیار وێنا كراوە، كە توێژەران لێكدانەوەی ئەوەی بۆ دەكەن یەكەم پەرستراو بێت مرۆڤ وێنای كردووە لە چاخی بەردینی نوێ، ناوی خواوەندی دایكیان لێ ناوە، (Mother Goddess). بێ گومان دەركەوتنی خواوەندی دایك لە گرنگترین دیاردەكانی ئایینە، ئەمەش پەیوەستە بە كشتوكاڵ و بەپیتی بە شێوەیەكی گشتی و زۆربوون و لە دایك بوون بە شَوەیەكی تایبەت. باقر: (1987, 83,84). پێ دەچێت كشتوكاڵ هۆكاری سەرەكی پەرستنی خواوەندی دایك بوویێت، بەتایبەتی چونكە دایك وەك سەنتەری خێزان بوو، ئەومنداڵی دەهێنا، پەروەردەی دەكرد، ژنی ماڵ بوو، بەڵام پیاو تەنها راوكەر یان شوان بوو. خواوەندی دایك وەك هێز و هۆكاری بەپیتی زەوی لە بیروباوەڕی ئایینی دانیشتوان دا شوێنی گرتبوو، ببووە هۆی ئەوەش كە كاریگەری دەروونی رۆحی و ئایینی لە لای مرۆڤەكان دروست بكات.

دەشگونجێ لەرێگەی دروست كردنی پەیكەری گیانەوەرو ئافرەتی دووگیان (خواوەندی دایك) كە لەوانەیە بۆ ئەوان نیشانەی هێزێكی نهێنی ئامێزی بوویێت گوزارشتیان لەو كاریگەری و ئەو راستیانەی سەرەوە كردبێت، كە لە بیروباوەڕی ئاینیاندا رەنگی داوەتەوە. . (مەجید زادە, 2012. 100).

دواتر وورده وورده پەرستن لەناو ماڵەكان دەردەكەوێت كە تۆی گەنمیان تێدا چاندووە، هەروەها ئاژەڵیان لێ ماڵی كردووە. پاشماوەی گەنم و جۆ و مەڕوماڵات و بزن و بەراز، لە باكوری دۆڵی دوو رووبار دۆزراوەتەوە كە مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ( 8300-6500) ساڵ پ.ز. (سواح: ج1, 2003: 286).

لە ئەنجامی كنەو پشكنینی شوێنەواری لە نێو پاشماوەی ژمارەیەك لە گۆڕەكانی نشینگەكانی كوردستان لەگەڵ مردووەكان، بەئەندازەیەكی زۆر كەل و پەل دۆزراوەتەوە كە هەندێكیان پێك هاتوون لە بەردی بەنرخی وەك ملوانكەو كەل وپەلی جوانكاری، تایبەت بە ئافرەتان وا مەزەندە دەكرێت بۆ مەبەستی رازاندنەوە بەكاریان هێناوە، هەروەها زۆربەی زۆری ئەو كەل و پەلانەی لەقور دروست كراون لەسەر شێوەی مرۆڤ و ئاژەڵ،وەك بەرهەمی پیشەسازیەكی فراوان لە زۆربەی نشینگەكانی ئەم كوردستانە بەمەبەستی جێ بە جێ كردنی رێوڕەسمی ئایینی بەكار هاتووە، بەردە بەنرخەكان گرنگی خۆی هەبووە لەگەشەكردن و پێشكەوتنی بیری ئایینی كە بەكاریان دەهێنا بۆ بابەتی جوانكاری ملوانكە و جادوگەری و سیحربازی، كە پەیوەندی هەبووە بە بیروباوەڕی ئایینی بە بەڵگەی دۆزینەوەی چەند نمونەیەكی جیاواز لەو بەڵگەنامانە لە نشینگەكانی كەریم شهر، چەرمۆ، شمشارە، بەزۆری لەلایەن ژنانی دانیشتوانی ئەم نشینگانە بۆ مەبەستێكی ئایینی بەكارهاتووە.( ابراهیم: 104 :2003, A).

خەڵكی چەرمۆ بۆملوانكەی سادە یان بە گوڵ یان لە بەرد، بازنەی لێوارداری مەڕمەڕ و سەدەفیان بەكارهێناوە. (مەجید زادە, 2012. 100). لەراستیدا تا ئێستاش بەردی بەنرخ گرنگی خۆی هەیە، ژنان لە زێڕی دەگرن بەشێوەی موستیلەو ملوانكە بەمەبەستی بەدەست هێنانی بەختی باش. تەنانەت پیاوانیش هەندێ جار بەردی بەنرخ لە موستیلە دەگرن بۆ هەمان مەبەست . یان هەندێ جار ژنان جۆرێك لە بەرد بەكار دێنن بۆ رازاندنەوە بۆ ئەوەی لە چاوی پیس بەدوور بن. لە نشینگەكانی كوردستان ژمارەیەكی زۆر لە وێنە و هێما و سەری گا دۆزراوەتەوە، كە بە شێوەیەكی هونەری جیاواز، لە زوربەی شارستانیەتیە كۆنەكان لەلایەن دانیشتوانەوە پیرۆز كراون. وە زۆربەی دەیبەستنەوە یان پەیوەستی دەكەن بە پەرستن وەك هێما، هێز یان بە پیتی و زۆربوون گوزارشی لێ دەكەن.

بڵاوبوونەوەی وێنەی گا لەسەر گڵێنە و كەل و پەلی ناو ماڵ بەشێوەیەكی فراوان, گرنگی ئەم ئاژەڵەمان بۆ دەردەخات لە زۆر لایەن, هەندێك لەم دەفرانە بەكار هاتووە بۆ كاری ئایینی و لەگەڵ ناشتنی مردوو و دۆزینەوەی دەفری لەو جۆرە لە گۆڕەكان. وەك ئەوەی قالینجاغا لە هەولێر دۆزراوەتەوە ئەوە دەسەلمێنێ, یان بۆ جێ بەجێ كردنی رێوڕەسم وەك رۆكردنی ئاو بەسەر قوربانیەكاندا لە ئاهەنگە ئایینیە جیاوازەكان, پێدەچێت ئەو دەفرانە كە رازاوەتەوە بە سەری گا هێمابێ بۆ توخمی نێرینە و ئاگاداركەرەوە بۆ خواوەندی دایك. (ابراهیم: B, 2009, 26,27).

هەر سەبارەت بە گردی قالینجاغا شێوەی ژ (16),  ژمارەیەكی زۆر لە كەل و پەل لە گۆڕ و گۆزەكان دۆزراوەتەوە, تێبینی ئەوە دەكرێت كە ئەم گۆڕانەی دەوڵەمەندن بە كەل و پەلی وەك زێڕو بەردی بەنرخ و گەوهەری سوور و سەدەف لە ناو گۆزە گلێنەیی یەكان دۆزراوەتەوە هەروەها ملوانكەی لە زێڕ دروست كراو, ئەم كەل و پەلانە لە رێوڕەسمی ناشتن بەكار هاتوون.  لە هەندێ لە گۆڕەكان گورزی پاشایەتی (صولجان) دۆزراوەتەوە, ئاماژەیە بۆ پلەو پایەی ئەم كەسە.  (شریف, 2016, 128, 129, 130).

جێگای ئاماژەیە ئاڵ و گۆڕی بازرگانی لە نێوان نشینگەكان و هەرێمەكانی دەوروبەریان رۆڵێكی گەورە و سەرەكی گێڕاوە  لە گواستنەوەی  بیروباوەڕی ئایینی و پەیوەندی كردنی ئەم هەرێمانە بە یەكتریەوە لە رێگای ئاڵ وگۆڕی بازرگانییەوە زۆر نەریتی گواستۆتەوە كە پەیوەستە بە بیروباوەڕی ئایینی. (ابراهیم, A، 111 .2003).

**تەوەری پێنجەم**

**وێنەی  سەر گۆزەكان و رێوڕەسمی ئایینی باران بارین**

فەرهەنگی سامەرا  لەكۆنترین ئەو پێشكەوتنە تازانە بوو كە بە قۆناغی سامەرا ناونرا بوو. هۆكاری هەڵبژاردنی  ئەم ناوە ئەوەیە بۆ یەكەم جار لە گۆڕستانێكی پێش مێژوو لە  ژێر خانووەكانی پایتەختی عەباسیەكان لە ساڵی 1911 جۆرێك لە گڵێنە دۆزرایەوە كە بە شێوەیەكی زۆر جوان  نەخشێنراوە. گڵێنەكان هەم لە رووی جوانكاریەوە هەم لە رووی شێوەوە زۆر لێهاتوانە دروست كراوە. (مەجید زادە, 2012.116).

گڵێنەی سامەرا بەشێوەیەكی بەرچاو بڵاو بۆوە. ئەوەش بەڵگەی بوونی رۆشنبیریەكی یەكگرتوو بوو لە ناوەراست و باكوری عێراق. (زاموا, 2004.242).

ئەو ناوچانەی كە گڵێنەی سامەرای تێدا بڵاوبۆوە ناوچەكانی چۆغەمامی لە مەندەلی و  مەتارە لە باشوری كەركوك, نوزی, لە شمشارە لەناوچەی رانیە, هەروەها لە ناوچەی جەزیرەی سەروو, لە جغار بازار,  لە تپە گەورا, لە زۆر ناوچەی تری وولاتی دوو رووبار و باكور و خۆر ئاوا و خۆرهەڵاتی كوردستان بڵاوبۆتەوە. (باقر, 2009. 241).

لە گڵێنەكانی سامەرا نەخش و نیگاری رازاندنەوە شێوەی مرۆڤ و ئاژەڵی لەسەر كێشراوە. لە گرنگترین ئەو نەخش و رازاندنەوانەش:

- دیمەنی چوار سەماكەرە رووتەكان: شێوەی ژ (17), لەم نەخش و رازاندنەوەیەدا دەردەكەوێت كە سەماكەرەكان رێوڕەسی باران بارین جێ بەجێ دەكەن, شێوەی سەماكردنێكی چەماوەییە پرچیان بڵاوكردۆتەوە, هەشت دوپشك لەدەوری ئەم كچانەن. واتا بۆ هەر كچێك دوو دوپشك. هەریەك لەم سەماكەرانە بەشێوەیەكی ئەفسانەیی دەركەوتوون لەسەر زۆربەی دەفرە گلێنەییەكانی فەرهەنگی سامەرا,  ئەم كچانە بە نێكێكی گەورەو كەمەرێكی باریك, دەستەكانیان لە سێ پەنجە پێك هاتووە بەشێوەیەكی كراوە وێنا كراوە كە شێوەی خاچ دەدات. لەم رێوڕەسمەدا كە بە سۆمەری پێی دەوترێت (ئاكیتۆ)و بە مانای نزیك بوونەوەی ئاو لە زەوی دێت و بۆ مەبەستی باران بارین ئەنجام دەدرێت, مێژووەكەی بۆ (5500-4900) پ.ز دەگەڕێتەوە, سەماكەران  بە جوڵانەوەی سیحری و بە پشت بەستن بە رێسای سیحری بە پرچیانەوە ئاماژە بە جوڵەی هەوا دەكەن. (الماجدی, 1997, 104, 105).

دانیشتوانی فەرهەنگی سامەرا گرنگی یەكی زۆریان بە جوانكاری داوە, خاڵ كوتان نەریتێكی باو بووە لەلایان. مەبەست لە خاڵ كوتان كە بۆ جوانكاری پەنای بۆ براوە,  و رێگایەكی سیحریش بووە, بۆ ئەوەی لە چاوی پیس بەدوور بن, هەروەها ئاماژە بووە بۆ پلەو پایەی كەسەكان لە ناو كۆمەڵگادا, نەریتێكی باو و بڵاو بووە لە لایان. پەیكەرەكانی خواوەندی دایك لە چۆغەمامی جەستەیان نەخشێندراوە بە هێڵ و خاڵ. خاڵ لەسەر گڵێنەكانی سامەرا مانایەكی ئایینی و سیحری هەیە, هەندێ جار خاڵكوتان بۆ مەبەستی رێوڕەسمی پیتان و یارمەتی منداڵ بوون, هەروەها بۆ هێنانی بەختی باش و دەركردنی رۆحە خراپەكان بەكارهاتووە.  (زاموا, 2004. 248). شێوەی ژ (18).

مرۆڤی كۆن پەنای بردۆتە بەر جۆرەكانی سیحر كە بە كارێكی پەسەندی زانیوە لە لایەن گەلانی ئەم سەردەمە لە ناوچە جیا جیاكانی جیهانی كۆن پەیڕەو كراوە, بۆ نمونە سیحری راو. (عبدالله, ٩٦). بۆیە لەنەخشی ئاژەڵی سەر دەفرە گلێنەییەكان دەبینین كە ئاسك مانایەكی تایبەتی هەیە ئەویش بۆ ئاسانكاری راوكردنە, ئەم رازاندن و نەخشاندنە رێگایەكی سیحری یە بۆ راوكردن (سیحری بەرهەم هێن). شێوەی ژ (20,19), بەتایبەتیش لەم سەردەمەدا راوكردن بەشێكی گرنگی ئابوری ئەم نشینگانەی پێكهێناوە و لەگەڵ ماڵی كردن و كشتوكاڵ كردن بەڵام گرنگی ئەم نەخشانە كە تیایاندا وێنای ئاسك و ئاوو باران لە زۆربەی رێو رەسمە ئایینی و سیحریەكان دیارە بەمەبەستی بەدەست هێنانی ئاوی پێویست, لەوانەیە سەمای مامزەكانیش پەیوەندی بە چاوەزارەوە هەبێت. (زاموا, 2004. 254).

نەخشێكی تركە تیایدا پێنج دووپشك هەیە و لە دەوری خاچێكی چەماوەیی سەما دەكەن و دەجوڵێنەوە رازاوەتەوە بە پێنج هێمای بروسكە. (الماجدی, 1997, 106). كە ئەمەش پەیوەندی بە رێوڕەسی باران بارینەوە هەیە. شێوەی ژ (21).

هەروەها سەبارەت بە سەمای بازنەیی لە رووی سیحری یەوە كەلەسەر گلێنەی سامەرا نەخشێندراوە بە دەستەواژەیەكی سروشتی, سیحری دادەندرێت, جوڵاندنەوەی پرچیش بە شێوەیەكی سیحری واتا جوڵاندنەوەی هەواو زاڵ بوون بەسەر هەوا بەهۆی سیحرەوە دێت, لە لایەنی ئایینیشەوە هەندێ وای دەبینن كە سەما كردن جۆرێكە لە نزاو پاڕانەوە لە خواوەند و بۆ ئاشنا بوون بە خودا و سروشت ئەنجام دەدرێت یان وا دادەندرێت كە سەما كردن بریتی یە لە تەواوكردنی رێوڕەسمی ئایینی و بوونی چەماوە لەو ماوەیە, شی كردنەوەی زۆر هەڵدەگرێت.بۆ نمونە رۆژو مانگ بە شێوەیەكی بازنەیی دەخولێتەوە, لەبەر ئەوە هێمای بازنە, هێمای ژیان و بەردەوامی و پیتان دەبەخشێت. (زاموا, 2004. 262, 263).

هەروەها ئەم جۆرە گلێنانە لە زۆربەی نشینگەكانی ئەوكاتەی چاخی بەردینی نوێ بڵاوبۆوەئەمەش پێدەچێت كە پەیوەندی یەكی بازرگانی لە نێوانیان دا هەبووە بە بەڵگەی بڵاوبوونەوەی بەردی ئۆبسیدی, وە رازاندنەوەی گلێنەكان لە زۆربەی نشینگەكان.

**دەرئەنجام**

لە ئەنجامی ئەم لێكۆڵینەوەیە گەیشتین بەو دەرئەنجامەی كە

١- سەرەتای سەرهەڵدانی بیری ئایینی لە كوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی چاخی بەردینی كۆن لە ئەشكەتی شانەدەر, مێژووەكی كۆنی هەیە, زانایان بە لێكۆڵینەوە سەلماندوویانە بەڵگەی بوونی ئایین بە شێوە سەرەتاییەكەی تێدا دەركەوتووە. ناشتنی مردوو لە شانەدەر رێوڕەسمێكی ئایینیە, هەروەها دانانی گوڵ لەسەر جەستەی مردوو بەشێكە لەو ڕێوڕەسمە كە پێشتر ئاماژەمان پێدا. لە هەمان كاتدا لە ئەشكەوتی شانەدەر تێبینی ئەوە دەكرێت كە جۆری ناشتنەكە بە شێوەی گرمۆڵە, هەروەها ناشتنی مردوو بە ئاراستەی رۆژهەڵات لە زۆربەی شارستانیەتیەكان مانای زیندوو بوونەوەی دوای مەرگ و دەست پێكردنەوەی ژیانێكی نوێ.

٢-زاوی چەمی شانەدەر كۆنترین نشینگەیە كە تا ئێستا دۆزراێتەوە لە كوردستان. شوێنەواری كەڵەكەبووی ئێسك و پروسكی بزن و باڵندەی گۆشت خۆری وەك داڵ و هەڵۆی تێدا, بۆیەكەم جار رێوڕەسمی ناشتنی باڵندەی گۆشت خۆر لە دەوری ئاگردانێك بەڕێوە چووە كە باڵەكانیان بۆ ئەو رێو ڕەسمە ئایینیە بەكارهاووە كە تایبەت بووە بەم نشینگەیە. هەروەها لە ئەنجامی كنەو پشكنینی شوێنەواری دەركەوتووە كە چینی B جۆرێك لە ناشتنیان هەبووە ئەویش ناشتنی تاك و ناشتنی بە كۆمەڵ بووە, هەروەها منداڵەكانیان لە تەنیش دایكیان ناشتووە.

٣- مرۆڤی دێرین پەنای بردۆتە بەر وێنە كێشان, هەوڵی داوە لە ڕێگای ئەم هونەرەوە پەیامێكی گرنگ نۆمار بكات, لەسەر ئەو رووداوانەی كە ڕۆڵێكی گرنگە هەبووە لە ژیانی رۆژانەی دا, بە تۆماركردنی ئەو وێنا سیحربو ئاینیانەی كە ئامانج لە وێنەكێشانیان لەسەر بەرد ئاماژەدان بووە بە چیرۆكێكی ئایینی.

٤- لە سەردەمی چاخی بەردینی نوێ بیری پەرستن لە سەر شێوەی رووەك و ئاژەڵ و مرۆڤ وێنا كراوە, جێگای سەرنج بوو بە تایبەتی خواوەندی دایك كە لەم سەردەمەدا وێنا كراوە بە شێوەی بوكەڵەی قورین لە گوندی چەرمو.

٥- فەرهەنگی سامەڕا لە كۆنترین ئەو پێشكەوتنە تازانە بوو كە بە قۆناغی سامەڕا ناونرا بوو, لەم قۆناغەدا جۆرێك لە گلێنە دۆزرایەوەكە جیاواز بوو لە گلێنەكانی پێش خۆی. ئەو نەخشانەی لەسەر گلێنەی سامەرا ئاماژە بە ڕێوڕەسمی ئایینی باران بارین و چەند رێوڕەسمێكی ترو رێسای سیحری دەكەن لەم قۆناغەدا.

دەتوانین بڵێین پێشكەوتن و پەرەسەندنی بیری ئایینی لە كوردستان بەسەرەتای دەستپێكی گواستنەوەیەكی لەسەرەخۆ هەنگاوی نا لە چاخی بەردینی كۆنەوە بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست و نوێ.

## سەرچاوەکان


### سەرچاوە کوردیەکان

١-ئارلت لورا –گورهان: مرۆڤی نیاندەرتاڵ 4 لە ئەشکەوتی شانەدەر, ئینسکلۆپیدیای هەولێر, بەرگی ٢, هەولێر 2009.

2- ئەحمەد تاج بەخش: مێژوویەکی کورتی شارستانیەت و فەرهەنگی ئێران لە پێش ئیسلامدا, وەرگێڕانی: وریا قانیع, چاپی یەکەم, سلێمانی .٢٠١١

3- ئەیهان محەمەد قادر ئامێدی: ئەشکەوتی شانەدرو مرۆڤی نیاندەرتاڵ, ئینسکلۆپیدیای هەولێر,ژ٢, هەولێر 2009.

4- جەمال لەحافیان: بەردە نەخشێندراوەکانی کوردستان, هەزارمێرد, ژ 26, .2005

5- دڵشاد زاموا: دۆزینەوەی وێنەی سەر بەرد (Rock Art) ئەشکەوتی کەورە گەورە لە گوندی ئەحمەد بڕندە, گۆڤاری سوبارتو, ژ ٢, 2008.

6- دڵشاد زاموا: کرۆنۆلۆژیای هەولێر لە 65000 پ.ز-242ز, ئینسکلۆپیدیای هەولێر, بەرگی ٢, .٢٠٠٩

7- رالف سلوکی: نەریت و رێو رەسمی باڵندەی گۆشت خۆر لە زاوی چەمی شانەدەر, و,محەمەد حەمە صالح توفیق: هەزارمێرد, ژ26, .2005

8- مەبەست محەمەد امین: تایبەتمەندیەکانی قۆناغی گواستنەوە لە چاخی بەردینی کۆن بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست, پەرەسەندنە فەرهەنگیەکانی مرۆڤی شانەدەر, پرۆسیدینگی دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێو دەوڵەتی/ شوێنەوارو کەلەپوری هەولێر -اربیل, .٢٠١٨

9- مورشید ئەلیوسف: دومۆزی مەلەك تاوس, و: نەوزادی موهەندیس, سلیمانی, 2012.

10- مەولود ئیبراهیم حەسەن: کۆنترین ئایین لە کۆنترین شار (هەولێر) ئینسکلۆپیدیای هەولێر. بەرگی دووەم, هەلێر .٢٠٠٩

11- یوسف مەجید زادە: مێژووی شارستانیەتی میزوپۆتامیا, مێژووی سیاسی, و: سەمیر حسین, ب: یەکەم, چ: یەکەم, سلیمانی 2012.

### سەرچاوە عەرەبیەکان

1- انطوان مورتكات: فنون سومر واكد, ت: محمد وحيد خياطه, (سوريه-1988), ص26.

2- بشار خليفة نشوء فكرة الالوهية, مقارنة تاريخية فكرية, مراجعة وتدقيق: محمد محفل, ط الاولى, دمشق, 2011.

3- جفرى بارندر: المعتقدات الدينية لدى الشعوب, ت,امام عبدالفتاح امام, الكويت,1990.

4- خزعل الماجدي: اديان ومعتقدات ما قبل التاريخ, دار الشروق, .1997

5- دلشاد عزيز زاموا :الزخارف الادمية و الحيوانية على فخاريات حَضارة سامراء (5500 - 4900 ق.م ) , هەزار میرد ع ,25 السنه السابعة, ٢٠٠٤.

6- شاه صيواني: مجموعة قبور تل قالينجاغا- اربيل, سومر, مجلد السابع والعشرون, ج الاول والثاني, سنة 1971.

7- طه باقر وفؤاد سفر: المرشد الى مواطن الاثار والحضاره, الرحلة الخامسة, (باقر,سفرالرحلة الخامسة, 1966, بغداد.

8- طه باقر. مقدمة فى تاريخ الحضارات القديمة, ج:الاول, ط:1, شركه دار الوراق والنشر, 2009 .

9- طه باقر والاخرون: تاريخ العراق القديم, جزء الاول, جامعة صلاح الدين 1987.

10- عبدالكريم عبدالله. فنون الانسان القديم, أسالبها ودوافعها, بغداد, ١٩٧٣.

11- فراس سواح: موسوعة تاريخ الاديان, ج1, 2003.

12- فرانكفورت, جون. 1. ولسن, توركيلد جاكبسون: ما قبل الفلسفة, ت: جبرا ابراهيم جبرا, ط الثانية, بيروت, 1980.

13- وليد الجادر: الانسان البدائى, مجلة الاكاديمى, جامعة بغداد, العدد الاول, 1971.

### نامەی ماستەر

1- ايهان محمد قادر ئاميدى: انسان كهف شاندر فى كوردستان- العراق و علاقته بنياندرتال, رسالة ماجستير, اربيل,

2-عمر حسين شريف: مواقع عصور ما قبل التاريخ فى اربيل تطبيقا على قرية زاوى جمى- تل قالينجاغا-تل نادر, دراسة اثرية مقارنة, جامعة القاهرة, .2016

3-عبدالوهاب سلیمان حسن: هونەری سەر بەرد لە پارێزگای هەولێر, نامەی ماستەر, زانکۆی صلاحەدین, هەولێر, 2016.

4- نعمان جمعه ابراهيم, (1) حضارة العصر الحجرى الحديث فى كردستان العراق, رسالة ماجستير, جامعة صلاح الدين, 2003.

### نامەی دکتۆرا

1- نعمان جمعه ابراهيم: تقديس الحيوانات فى بلاد الرافدين, فى ضوؤ المشاهد الفنية من الالف التاسع حتى نهاية الالف الثالث ق.م, جامعة صلاح الدين, اربيل2009.

### سەرچاوەی ئینگلیزی.

1- Rose L. Solecki, Pridatory Bird Rituals At Zawy Chemi Shanidar, 2133،1977 مجلد - سومر، ج الاول والثانى

2- Solecki, Rose " The Season 1960, At Zawi Chemi Shanidar" sumer 17, 1961.

3- Solecki, shanidar IV.a Neanderthal flower Burial in Northern Iraq. In Science, 1975, 190; 4217.

4- Solecki, R,"Early Village Site At Zawi Chemi shanidar, Bilbo the Mesopotamia Malilu",13,1980 ,

5- Solecki, Ralph, ((A palaeolithic Site in the Zagros Mountains of Northen Iraq,
Report on a Sounding at Shanidar Cave)) , Sumer, 8, (1952), p , 66

6- Leroi- Gourhan,A 1975, the flowers Found With Shanidar IV, a Neanderthal Burial in Iraq. In
Science, 190; 4214..

7- Klein, R,The Dawn Of Human Culture, John Wiley,2002, 8 Sons Inc

8- Louwe kooijmans L. P.Smirnov,Y., solecki, R.H., 1989, On The Evidence for Neanderthals Burial. In Current Anthropology, 30; 3 .


9- LINDA S. BRAIDWOOD* ROBERT J. BRAIDWOOD BRUCE HOWE * CHARLES A. REED and PATTY JO WATSON: PREHISTORIC ARCHEOLOGY ALONG THE ZAGROS FLANKS, THE UNIVERSITY OF CHICAGO ORIENTAL INSTITUTE PUBLICATIONS VOLUME 105, Chicago, 1983.

**سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان**

1- smithsonianmag.com/science-nature/human-evolution-discoveries-in-iraq-103106021/, 21-6-2018

**پاشکۆ**

ئەشکەوتی شانەدەر



smithsonianmag.com/science-nature/human-evolution-discoveries-in-iraq-103106021/

شێوەی ژ (1)

ئەشکەوتی شانەدەر لە کاتی کنەو پشکنین



Solecki, Ralph, ((A palaeolithic Site in the Zagros Mountains of Northen Iraq, Report on a Sounding at Shanidar Cave)) , Sumer, 8, (1952), p , 66

شـیوەی ژ (2)

لولپیچ/ ئەشکەوتی شانەدەر



مەبەست محەمەد امین: تایبەتمەندیەکانی قۆناغی گواستنەوە لە چاخی بەردینی کۆن بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست , شیوەی ژمارە 4 ل 46
شـیوەی ژمارە (3)

**گۆڕی تاك لە چینی ب 1 لە ئەشکەوتی شانەدەر**



Solecki, Rose, ((Early Village Site at Zawi Chemi Shanidar, Bilbo the Mesopotamia)), Malibu, 13, (1980), p 13.

شـيوەى ژ (4)


سەرى گا لە چەتەڵ هيوك




- https://arabic.cnn.com/travel/2015/06/11/turkey-tourism-unesco

شـيوەى ژ (5)

گوندى گولان/ وێنەى سەر بەرد






شێوەى ژمارە 8 / دلشاد عزيز زاموا / دۆزينەوەى وێنەى سەر رووى
بەردى چاخى بەردينى ناوەراست,
سوبارتۆ ژمارە (5,4) 2011 ل 8

شـيوەى ژ (6)

شێوە فنجان لە ناوچەى گەلى عەلى بەگ زار گەلى



عبد الوهاب سليمان حسن: هونەری سەر بەرد لە پاریزگای هەولیر , نامەی ماستەر ٢٠١٥ , وێنەی (٤)

شیوەی ژمارە 7

دۆڵی سەکران






عبد الوهاب سليمان حسن: هونەری سەر بەرد لە پاریزگای هەولیر , نامەی ماستەر ٢٠١٥, وێنەی (2)

شیوەی ژمارە 8

## دۆڵی سەکران

[






عبد الوهاب سلیمان حسن: هونەری سەر بەرد لە پاریزگای هەولیر , نامەی
ماستەر٢٠١٥, وێنەی ژ *(5)*

شیوەی ژمارە 9

## گوندی ئێنێ







عبد الوهاب سليمان حسن: هونەری سەر بەرد لە پاریزگای هەولیر , نامەی ماستەر٢٠١٥, وینەی ژمارە

شیوەی ژمارە 10

گوندی ئێنێ






ری سەر بەرد لە پاریزگای هەولیر ,
٢, وێنەی ژ (12A)

شیوەی ژمارە 11


گوندی چەرمۆ چاخی بەردینی نوێ




LINDA S. BRAIDWOOD* ROBERT J. BRAIDWOOD BRUCE HOWE * CHARLES A. REED and PATTY JO WATSON: PREHISTORIC ARCHEOLOGY ALONG THE ZAGROS FLANKS, THE UNIVERSITY OF CHICAGO ORIENTAL INSTITUTE PUBLICATIONS VOLUME 105, Chicago, 1983, **P.196.**

شیوەی ژمارە 12

جوانەکاری دانیک بەشێوەی … لە گوندی چەرمۆ



لوح 3



لوح 2

**شاه صیوانی : مجموعة قبور تل قالینجاغا- اربیل, سومر , مجلد 27 , سنه 1971 , ص54 ,55**


خزعل الماجدی : ادیان و معتقدات ما قبل التاریخ ص , *85*

شیوەی ژمارە 13

کەلوپەلی جوانکاری لە زیر دروستکراو ، قالینجاغا

نەخشی چوار سەماکەرە ڕووتەکان

شیوەی ژمارە 14



خزعل الماجدی : اديان و معتقدات ما قبل التاريخ ص , 105

خاڵ کوتان



دلشاد عزيز زاموا :الزخارف الادميه و الحيوانيه على فخاريات حَضارة سامراء (5500 - 4900 ق.م ) , هەزار ميرد ع ,25 السنه السابعه ص, 260 شكل 9,


شیوەی ژمارە 16

نەخشی مامزەکان



خزعل الماجدی : اديان و معتقدات ما قبل التاريخ ص , 107

نەخشی مامزەکان




خزعل الماجدى : اديان و معتقدات ما قبل التاريخ ص , 108 , شكل , 47

شیوەی ژمارە 18

نەخشی دووپشك

شیوەی ژمارە 19

دلشاد عزيز زاموا :الزخارف الادميه و الحيوانيه على فخاريات حَضارة سامراء (5500 - 4900 ق.م ) , هەزار میرد ع ,25 السنه السابعه ص, 258 شكل ,7



**ملخص**

من خلال هذا البحث نستنتج و نصل الى:

1- ظهرت الدلالات الأولى لوجود ما يشير إلى أن كردستان القديم قد عرف نوعاً من الفكر الديني، إنما كان في العصر الحجري القديم وذلك في كهف "شاندر". حيث كشف العلماء بداخل هذا الكشف عن مجموعة من الدفنات التي تلقي الضوء على وجود طقوس واجراءات معينة كانت تصاحب عملية الدفن. فقد ظهرت بعض الدفنات وقد وضع عليها مجموعة من الزهور، فضلاً عن الوضعية التي ظهرت عليها معظم الدفنات والتي اتخذت هيئة القرفصاء (وذلك بضم الركبتين والذراعين ناحية الصدر) كما كانت الوجوه غالبا ما تتجه ناحية الشرق، وهو إجراء قد عرفته الحضارات القديمة نظراً لإرتباط الشرق ببداية الحياة أو عودة الحياة بعدما لاحظ الإنسان القديم شروق الشمس من هذه الإتجاه بعد غروبها أو مماتها.

2- يعتبر (زاوى چەمی شاندر) اقدم موطن لإستقرار الإنسان في كردستان القديم، حيث شهدت الدلائل الأثرية على وجود بعض البقايا العظمية للبشر والطيور، ومن اللافت للنظر أنه قد تم العثور على مجموعة من عظام بعض الطيور الجارحة إلى جانب البشر، مما يفيد أن هذا الإنسان كان حريصاً على دفن هذه الطيور وفقاً لطقسة محددة كان لجناح هذا الطائر دوراً هاماً فيها. كما نجحت التنقيبات الأثرية في الكشف على أن عملية الدفن في قرية زاوى جمى كانت تتم إما بشكل فردي أو بصورة جماعية، أما عن الأطفال فكان يتم دفنهم إلى جوار أمهاتهم.

3- ترك انسان هذاالعصر مجموعة من النقوش الصخرية المنتشرة على الصخور، والتي كانت بمثابة مرآة تعكس صورة واقعية لحياته التي يتفاعل فيها مع الحيوانات والبيئة المحيطة به وكذلك معبوداته. فكانت أحياناً تظهر هذه الرسوم وكأنها تؤلف أحداث قصة دينية.

4- وقد ظهر من بين الأعمال الفنية مجموعة من التماثيل الطينية التي كانت ترمز إلى الهة الأم كي توضع بصحبة الدفنات، وقد عثر على مجموعة كبيرة من هذه التماثيل في قرية جرمو.

4- تميزت مرحلة سامراء الحضارية بمجموعة من التطورات على المستوى الانتاجي، حيث ترك لنا انسان هذه المرحلة مجموعة من الأواني الفخارية المزينة بمناظر ونقوش تعبر عن وجود بعد الطقوس الدينية، فمنها ما يرتبط بتساقط الأمطار ومنها ما يرتبط ببعض الأمور السحرية.

وبذلك كان العصر الحجري القديم في كردستان هو العصر التمهيدي لمرحلة أكثر تطوراً في الصناعات والإنتاج والتي شهدتها مرحلتي العصر الحجري القديم الأوسط والأعلى.

## The early stage of the emergence of religious thoughts in Kurdistan at the ages of prehistory based on the archaeological documents

**Abstract**

1-The religious ideology started to emerge in Kurdistan during the Stone Age in Shanadar cave. The scientists have proven through researches the existence of initial aspects of religion during that era in Shanadar. The burial of dead in Shanadar is a religious ceremony. In addition to that, lying flowers over the corpse of the dead is part of the ceremony that we underlined above. The burial process in which the corpse laid toward the east is interpreted by many civilizations as a sign of resurrection after death and afterlife.

2- Shanadar's Zawi Cham is the most ancient inhabitable land to have been discovered in Kurdistan. skeletons of goats and birds such as eagles and hawks are piled up in the cave. The first burial ceremony of birds had been held in the circle of fire where the feathers had been represented in the ceremony. The phase B of excavation of Shanadar has unveiled that the inhabitants of Shanadar had practiced individual and collective burial. The bodies of children had been buried alongside their mothers.

3- The ancient human beings had practiced paintings. They had exploited the art of painting in order to express themselves and the significant events in their daily lives. The paintings on the stones were telling a religious story.

4- during the modern era of the stone stage, the people had worshiped plants and animals. In addition to that, the mother goddess had been a profound religious icon, hence, worshiped.

5- The Samarah civilization had been labeled as the most developed civilization at that period of time. During that period of time, a unique type of plates discovered that had been different from previous discoveries. The paintings which had been carved on the plates represented the religious quest for rain and other magical religious ceremonies that had been practiced in that era. We can claim the emergence and development of religious ideology in Kurdistan has witnessed a gradual transformation from old Stone Age to middle Stone Age.